# کلتووری سیاسیی هەرێمی کوردستان
# فاکتەر و خەسڵەتەکان

**ڕەشاد سەبری میران[١]، کوردستان محمد محمود[٢]**
[١،٢]بەشی کۆمەڵناسی،کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، شاری هەولێر، هەرێمی کوردستان،عێراق
Corresponding author's e-mail: rashad.meran1@su.edu.krd

## پوختە
کولتووری سیاسی ئاراستەیەکی تیۆرییە بۆ خوێندنەوە و ڕوانگەی خەڵکە بەرامبەر سیاسەت و سیستەمی سیاسی کۆمەڵگا کە فاکتەرێکی گرنگە لە دیاریکردنی جۆری سیستەمی سیاسی وڵات و ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە جێگیرکردنی دیموکراسیدا. تا ئێستا لە کوردستان کەمتر بایەخ بە کاریگەریی کولتوور لەسەر سیاسەت و سیستەمی سیاسی دراوە. ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی "کولتووری سیاسیی هەرێمی کوردستان، خەسڵەت و فاکتەرەکانی" کە لە هەمان کاتدا، یەکەم توێژینەوەشە لەم بوارەدا، سەرەتایەکە لەم پێوەندییەدا و تایبەتە بە لێکۆڵینەوەی کولتووری سیاسیی هەرێمی کوردستان. ئامانجی توێژینەوەکە دەرخستنی خەسڵەت و فاکتەرەکانی کولتووری سیاسیی هەرێمی کوردستانە کە لە دواجاردا لە سیاسەت و سیستەمی سیاسیی هەرێمدا ڕەنگیان داوەتەوە. توێژینەوەکە، توێژینەوەیەکی شیکارییە بە پشت بەستن بە میتۆدی مێژوویی و دکیۆمێنتاری.

**وشە کلیلییەکان:** کلتووری سیاسی، کلتووری سیاسیی هەرێمی کوردستان، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی خێڵ، ئایین.

## Abstract
Political Culture is perception and approach of people in relation to politics and political system, which at the same time is an important factor in determining the type of political system and plays an important role in stabilizing democracy. So far, less importance has been given to the role of culture in politics and determining the type of political system in Kurdistan. This research is titled political culture of Kurdistan factors and features, which is also the first research on this topic. The purpose of the research is to show the features and factors of the political culture of the Kurdistan region, which is finally reflected in its politics and political system. Analytical research has been done based on historical and library methods.

**The key words:** Political Culture, Political Culture of Kurdistan Social Structure, Region, Tribe.

## ملخص بحث
الثقافة السياسية هي تصور الناس و منهجهم فيما يتعلق بالسياسة و النظام السياسي و هي في الوقت نفسة عامل مهم في تحديد نوع النظام السياسيو تلعب دورا مهما في الاستقرار اليمقراطية. حتي الآن, تم اعطاء اهمية اقل لدور الثقافة في السياسة و تحديد نوع النظام السياسي في كردستان. هذا البحث بعنوان الثقافة السياسية في كوردستان و عواملها و خصائصها و هو ايضا البحث الاول في هذا الموضوع. الغرض من البحث هو اظهار خصائص و عوامل الثقافة السياسية لاقليم كوردستان و التي تنعكس اخيرا في نظامها السياسي و السياسة. تم اجراء بحث تحليلي علي المناهج التاريخية و المكتبية.

**الكلمات المفتاحية:** الثقافة السياسية، الثقافة السياسية لاقليم كوردستان، البنية الاجتماعية، القبلية، الدين



| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10460 |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/٨/٢١ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٩/٢٠ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٣/٣/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | rashad.meran1@su.edu.krd |
| مافی چاپ و بڵاوکردنەوە | ©٢٠٢٣ پ.د. ڕەشاد سەبری میران، کوردستان محمد محمود، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## پێشەکی

کولتووری سیاسی ئاراستەیەکی تیۆرییە بۆ دەرخستنی کارلێکی نێوان کولتوور و سیاسەت کە دەرهاویشتەی کۆمەڵێك فاکتەری مێژوویی، جوگرافی، ئەزموونی سیاسی، ئابووری و نەریت و بەهاکانی کۆمەڵگایە. دەرئەنجامی ئەم کارلێکە دەبێتە هۆی جێگیرکردنی شێوازێکی بیرکردنەوە و هەڵوێستی سیاسی کە دەگوازرێتەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو.

کولتووری سیاسی تایبەتە بە شیکردنەوەی ڕەهەندە سیاسییەکانی کولتوور لە کۆمەڵگادا. ئەم ئاراستەیە گەڕانەوە و بایەخدانە بە کولتوور لە شیکردنەوەی دیاردە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی کۆمەڵگادا. مێژووی ئەم چەمکە دەگەڕێتەوە بۆ دەرئەنجامە نێگەتیڤەکانی جەنگی یەکەم و دووهەمی جیهانی کە عەقڵی مودێرن و دیموکراسی لە جیهانی هاوچەرخدا خستە ژێر پرسیارەوە. جەنگی یەکەم بووە هۆی سەرهەڵدانی فاشیزم و نازیسم لە ئەوروپا. جەنگی دووهەمی جیهانیش ململانێی توندی لیبراڵیزم و کۆمۆنیزمی بەدواوە بوو.

خودی جەنگەکان، کاریگەرییەکان و دۆخی ئاڵۆزی پاشتر، کۆمەڵێك پرسیاری دروست کردن. ئەم پرسیارانەش پێویستیان بە وڵامی نوێ بوو کە تیۆر و بیرۆکە کۆنەکان نەیاندەتوانی وڵامیان بدەنەوە. خەمی گەورەی سیاسییەکان، ڕای گشتی، زانکۆ و ناوەندە ئەکادیمییەکانی ڕۆژئاوا، دیموکراسی و پەرەسەندنی ئابووری و سیاسی بوو.

پێش جەنگ هەموو هەوڵەکان بۆ سەرخستنی دیموکراسی و پەرەسەندنی سیاسی و ئابووری لەسەر پەرەدان بە دامەزراوەکان، یاسا و دەستوور چڕ ببوونەوە و پسپۆڕانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و دەسەڵاتدارانیش پێیان وابوو ئەگەر بێتو وڵات بەدامەزراوەیی بکرێ و پەرە بە یاسا و دەستوور بدرێ، دیموکراسیش بە دامەزراوەیی دەکرێ و ئابووریش پێش دەکەوێ.

ساڵی ١٩٦٣ دەبێتە خاڵێکی وەرچەرخان بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان. بڵاوبوونەوەی کتێبی کولتووری مەدەنی، ئاراستە سیاسییەکان و دیموکراسی لەناو پێنج نەتەوەدا، لە نووسینی گابریەڵ ئاڵمۆند و سیدنی ڤێربا ناوەندە ئەکادیمییەکانی جیهانی لیبراڵی هەژاند. ئاڵمۆند و ڤێربا بۆ یەکەمجار لەو کتێبەدا چەمکی کولتووری سیاسیان هێنایە ناو زانستە کۆمەڵایەتییەکانەوە و لەڕێی ئەم چەمکەوە بە میتۆدێکی زانستی، سیستماتیك و لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی دەریانخست کە سەرکەوتنی دیموکراسی بەندە بە کولتووری سیاسیی وڵاتانەوە. ئەوان بە لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارانە، لەناو پێنج وڵات (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بریتانیا، مەکسیك،ئیتاڵیا و ئەڵمانیا) سەلماندیان کە کولتووری سیاسی فاکتەری سەرەکی سەرکەوتنی دیموکراسییە. ((Almond & verba, ١٩٨٩:٣. ئەوە یەکەمجار بوو کە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا، تیۆرێك ئاماژە بەوە بکا کە کولتوور پێش فاکتەرە ئابووری، دامەزراوەیی و یاساییەکان، ڕۆڵی هەیە لەسەرخستنی دیموکراسیدا.

کولتووری سیاسی تیۆرێکی گرنگە بۆ شیکردنەوەی دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردی. کۆمەڵگایەك کە سەرەڕای چەندەها دامەزراوەی سیاسی و یاسایی، پێشکەوتنی مادی، تەکنۆلۆجیا و ئابووری، بەڵام لە ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، داخراو و نادیموکراتیکە. توێژینەوەکە پێی وایە کولتووری سیاسی فاکتەرێکی کاریگەرە لەسەر ئەم دۆخە داخراو و نادیموکراتیکەدا و ئامانجی توێژینەوەکەش دەرخستنی فاکتەر و خەسڵەتەکانی کولتووری سیاسی هەرێمی کوردستان و کاریگەرییان لەسەر ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتیی هەرێمی کوردستانە.

## پێناسەی کولتووری سیاسی

دەستەواژەی کولتووری سیاسی لە دوو چەمکی کولتوور و سیاسەت پێکهاتووە و هۆکاری داهێنانی ئەم دەستەواژەیەش دەگەڕێتەوە بۆ خوێندنەوە و پێناسەی نوێ لە کولتوور و سیاسەت لە ساڵانی ١٩٥٠ و ١٩٦٠ لە جیهانی ڕۆژئاوا. پێشتر سیاسەت تەنیا لە چوارچێوەی دەسەڵات و حکومەتدا پێناسە دەکرا، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی ئاراستەی ڕەفتارگەرایی لە سیاسەتدا، سیاسەتیش وەك کایەکانی دیکەی کۆمەڵگا ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی گرتە خۆ (رفیع، ١٣٩٧: ٤١ . ٢٣).

هێندێك کەس کولتوور بە دابونەریت بیروبڕوا و بەهاکانی کۆمەڵگا پێناسە دەکەن. هێندێك کەس پێیان وایە کولتوور بریتییە لە هێما و ئوستوورەکانی کۆمەڵگا. هێندێك کەسی دیکەش بازنەی کولتوور زۆر بەرفراوان دەکەن و بە خوێندنەوە و تێگەیشتنی مرۆڤ دادەنێن لەسەر ژیان، کۆمەڵگا و جیهان (قیصری، ١٣٨٨، ٩٤ . ٩٥).

بە گشتی دەکرێ کولتوور بەوە پێناسە بکەین کە بریتییە لە سیستەمێکی بەهایی، ڕوانگە، دابونەریت. فەلسەفە، هونەر، داهێنان کە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا هاوبەشە و وەك میراتێکی مێژوویی درێژە بە مانەوەی خۆی دەدات.

باوترین و کۆنترین پێناسە لە کولتووری سیاسی، پێناسەکەی ئاڵمۆند و ڤێربایە. ئەوان کولتووری سیاسیان بە ئاراستە و ڕوانگەی خەڵك بەرامبەر سیستەمی سیاسی پیناسە کردووە (Almond &Verba,1989:13).

لۆشن پای، کولتووری سیاسی بە کۆمەڵە ڕوانگە و بیروبۆچوونێك پێناسە دەکات کە ئەرکیان ڕێکخستن و ئاراستەکردنی پرۆسەی سیاسی و دیاریکردنی چوارچێوە و ڕێوشوێنە بۆ سیستەمی سیاسی (پای، ١٣٧٠ : ٩ . ١٠). بەپێی پێناسەی ئالێن بای و گای پیتزەر کولتووری سیاسی بریتییە لە ڕوانگەی و بەهاکانی کۆمەڵگا کە تایبەتن بە سیستەمی سیاسی و پرسە سیاسییەکانی کۆمەڵگا (بال و پیتزر، ١٣٨٤ : ٧٣). ستیفان دی. تێنسی کولتووری سیاسی بەو ژینگە عەقڵی و هزرییە پێناسە دەکات کە سیاسەت تێیدا گەشە دەکات(تنسی، ١٣٧١ . ٣٩).

کولتووری سیاسی تێگەیشتنە لە ڕیشەی کۆمەڵایەتیی دیموکراسی و چۆنییەتی گۆڕانی ئەم ڕیشە کۆمەڵایەتییانە لەڕێی گۆڕانکاریی کولتوورییەوە. ئەم گۆڕانکارییە کولتوورییانە دەرئەنجامی سیاسیی گرنگیان بەدواوەیە و زیاتر ڕێگا بۆ بەشداری و ڕۆڵی سیاسیی تاك خۆش دەکەن. (Inglehart & Welzel,2003: 56).

کولتووری سیاسی لە هەر ڕوانگەیەکەوە پێناسە کرابێت لە چەند خاڵی هاوبەشدا یەکدەگرنەوە کە بریتین لە ڕوانگە، بیروبڕوا و تێگەیشتنی خەڵك لە سیاسەت و سیستەمی سیاسیی کۆمەڵگا کە پاشخانێکی بەهێزی تیۆری و پراکتیکی بۆ هزر و ڕەفتاری سیاسی دادەڕێژن. کولتووری سیاسیی دەرئەنجامی مێژووی سیاسی .کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگایە و ڕەنگدانەوە هزروبیری هاووڵاتیانییە لە بڕیار و ستراتیجییە سیاسیەکانی کۆمەڵگادا.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

ئەو پاشخانە مێژوویی . سیاسییەی کولتووری سیاسی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی هەڵکەوتی جوگرافی، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، و عەقڵییەتی کۆمەڵگا کە لەڕێی پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوونەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو دەگوازرێتەوە (اخوان کاظمی، ١٣٨٨ : ٢٣٠ . ٢٣١).

کولتووری سیاسیی کۆمەڵگای کوردیش هاوشێوەی کۆمەڵگاکانی دیکە، لە پرۆسەیەکی درێژخایەنی مێژوویدا جێگیر بووە و کاریگەریی لەسەر عەقڵییەت و سیاسەتی کورد داناوە و ڕوانگە و ئاراستەی تاکی کورد بەرامبەر سیاسەت و سیستەمی سیاسی دیاری دەکات.

## کولتووری سیاسی لە هەرێمی کوردستان

هەرێمی کوردستان پێکهاتەیەکی ئیداری- سیاسی- نەتەوەیی نوێیە کە پاش ڕاپەڕینی جەماوەری ساڵی ١٩٩١ لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا سەریهەڵدا و دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس (٢٠٠٣) لە دەستووری نوێی عێراقدا بە ڕەسمی دانی پێدانرا.

هەرچەندە ژمارەی نامەکانی ماستەر و دکتۆرا لەسەر کولتوور, بە تایبەت لە پاش ساڵانی ٢٠٠٠هوە زۆرن، بەڵام لەسەر کولتووری سیاسی تەنیا وتارێکی وەرگێردراوی پرۆفیسۆرڕەشاد میران، پێشەنگی لێکۆڵینەوەکان لەسەر کولتووری کورد لەبەردەستە (میران، ٢٠١٠: ل ١٦٠ . ١٨١). دکتۆر جەمال نەبەزیش لە کتێبی قوتابخانەی کوردی سوسیالیزم (٢٠٠٢، ل ٢١) تەنیا ئاماژەی بە کولتووری سیاسی کردووە. جەبار قادر لە نامەی ماستەرەکەی بە ناوی کولتوور و سیاسەت (٢٠١٥), باسی یەکەمی بەشی پێنجەمی تەرخانکردووە بۆ کولتووری سیاسی. دکتور هیوا حاجی خدر لە کتێبیSocial Capital,Civic Engagement and Demicratization in Kurdista لە بەشی یەکەمدا ئاماژەی بە کولتووری سیاسی کردووە، بەڵام ناوبراو تەرکیزی لەسەر سەرمایەی کۆمەڵایەتییە (khidr, 2020:2).

بەڵام چەندین سەرچاوەی کۆنتر کە زیاتر دەچنە خانەی لێکۆڵینەوە لەسەر کەسایەتیی نەتەوەییNational Character، ئاماژەیان بە چوارچێوە و خەسڵەتەکانی کولتووری کورد کردوە. کۆنترین سەرچاوە لەم پێوەندییەدا، شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسییە (١٥٩٧). شەرەفخان لە پێشەکیی کتێبەکەیدا، ئاماژەی بە خەسڵەتەکانی کورد کردووە: ئازایەتی و نەترسی، خۆبەزلزانی، دەست پان نەکردنەوە، بایەخ نەدان بە ژیان و پارە، میواندار، دووبەرەکی و نایەکگرتوویی، نەبوونی مەرجەع، منداڵ زۆری، قەناعەت (بدلیسی,١٣٧٧: ل١٩ . ١٢ ).
ئەحمەدی خانی (١٦٥١ . ١٧٠٧) لە "مەموزین"دا، باسی ئازایەتیی کورد دەکات و هۆکاری ژێردەستەیی و بێدەوڵەتیی کورد دەگەڕێنێتەوە بۆ نایەیەکگرتوویی (عەبدوڵلا، ٢٠٠٨:ل ٤٨ . ٤٤). "عادات و رسوماتنامەی کوردان"ی مەلامەحمودی بایەزیدی(١٨٥٨)یەکەمین سەرچاوەیە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر کولتوور و پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردی. بایەزیدی کۆمەڵگای ئەوکاتی کوردستان دابەش دەکا بەسەر چوار چیندا: ڕەوەند، کورد، کرمانج و نیشتەجێ. باسی جیاوازیی شێوازی ژیان و بیرکردنەوەی ڕەوەند و نیشتەجێکان دەکات. کورد بەبێخەم دەزانێ کە بیر لە پارە ناکاتەوە. ئاماژەی بە گرنگی و پێگەی چەك کردووە لای کورد کە بۆ کڕینی چەك دەچنە ئەستەمبۆڵ. تەنانەت مەلا و فەقێش چەکیان هەیە. کرمانج و ڕەوەندی هەکاری، بادینان و بۆتان بۆ ئاودەستیش چەك دەبەن. یەکێك لە خەسڵەتەکانی کورد کە بایەزیدی ئاماژەی پێکردووە، قارەمانی و ئازایەتییە لە شەڕەکاندا کە لە کۆڕوکۆبوونەکانیاندا بۆیەکدیی دەگێڕنەوە. باسی پێگەی سەرۆك خێڵەکان دەکات لای ئەندامانی خێڵ. ئاماژە بە جیاوازیی ژنی ڕەوەند و ژنی کرمانج دەکات کە ژنی کرمانج هیچ ناکەن و ژنی ڕەوەند هەموو کارەکانی لە ئەستۆیە. ئازایەتیی کورد لە شەڕکردن، تۆڵەکردنەوە. ئازاتربوونی ڕەوەندەکانی هەکاری، بۆتان و ئامێدی و سۆران لە چاو کوردەکانی موش، بایەزید, قارص و یەریڤان. ململانێی نێوان ڕەوەند و نیشتەجێکان لەو خەسڵەت و دیاردانەن کە لە کتێبەکەدا ئاماژەیان پێکراوە. (بایەزیدی، ٢٠١٥: ل ٣٦ . ٢٦).

ڕۆژهەڵاتناس و گەڕیدە ڕووسی، بریتانی، ئەڵمانی و فەڕەنسییەکانیش کەنووسینەکانیان سەرچاوەی بەسوودن بۆ کوردۆلۆگی، لە ڕوانگەی خۆیانەوە ئاماژەیان بە خەسڵەتەکانی کەسایەتیی کورد کردووە. شەڕانگێزی، خێڵایەتی، پیاوکوژی، میوانداری، ئازادیی ژن... (سندی، ٢٠٠٨: ل ٤٩ . ١١).

هاوکات لەگەڵ شۆڕشی ئەیلوول (١٩٦١)، دیاسپۆرایەکی کورد لە دەرەوەی کوردستان و بەتایبەت لە وڵاتانی سوشیالیستی سەریهەڵدا. بەشێك لەو دیاسپۆرایە لە زانکۆ جیاوازەکانی وڵاتانی ئەوروپا، دەستیانکرد بە لێکۆڵینەوە لە سەر کورد و بەشێك لەو لێکۆڵینەوانەش ڕاستەوخۆیا ناڕاستەوخۆ لەگەڵ باسی سیاسی و مێژوویی پێوەندییان بە کولتوورەوە بوو. کتێبی کوردستان و کوردی دکتۆر عبدالرحمن قاسملو کە ساڵی ١٩٦٦ وەرگێڕدرایە سەر زمانی ئینگلیزی یەکێك لە کارە جوانەکانی دیاسپۆرای کورد بوو کە بۆ یەکەمجار کوردێك پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کوردی شی دەکردەوە.

یەکێك لە دەسکەوتە گرنگەکانی بەیانی ئازاری ١٩٧١، دامەزرانی کۆڕی زانیاریی کورد بوو لە بەغدا کە شەپۆلێکی نووسین و وەرگێڕانی لەسەر کورد و کۆمەڵگای کوردی لێکەوتەوە. مەسعود محەممەد، کەسایەتیی دیاری ناو کۆڕی زانیاریی کورد بە نووسینی دوو کتێبی مرۆڤ و دەوروبەر (١٩٧٣) و کۆکردنەوەی دیوانی حاجی قادری کۆیی (١٩٧٣)، هەنگاوێکی مەزنی هاویشت و مەسەلەی کولتووری هێنایە ناو شیکردنەوەی ئەدەب، دیاردە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەوە. لە مرۆڤ و دەوربەردا هۆکاری خۆبەکەمزانینی چەپی کورد دەگەڕێنێتەوە بۆڕۆحی تێکشکاوی کەسایەتیی کورد (محەممەد، ١٩٧٣: ل: ٣٢) کەسایەتییەك کە لە سەر زاراوە ئامادەیە شارێك بکاتە دوو کەرت (هەمان سەرچاوە، ل:٦٥). لەو کتێبەدا کە زیاتر ڕەتکردنەوەی ماتریالیزمی مارکسییە، بەهێنانەوەی نموونەیەك لە گوندێکی ڕانیە، ئەو بۆچوونەی مارکسییەکان ڕەت دەکاتەوە کە پێیان وایە ئابووری بناغەی ژیانە.- مەسعود محەممەد دەڵێ لە ساڵی گرانییەکەدا لە گوندێکی ڕانیە کە کەس ئامادەنەبووە پارەی خۆی خەرج بکات، ژنێك لە برسان دەیهەوێ زێڕەکەی هەرزانفرۆش بکات، کەس لێی ناکڕێ. بەڵام کاتێك ویستویەتی لەو گرانی و بێپارەییەدا، قورئانەکەی بفرۆشێ، قورئانەکەیان لێ کڕیوە چونکە لای خەڵکەکە زۆر بەنرختر بووە لە زێڕەکە (سەرچاوەی پێشوو، ل: ٦٦). نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لە ١٩٧٥ و شەڕی ناوخۆ (١٩٩٤) و دوو ئیدارەیی (١٩٩٨ . ٢٠٠٥)، لەو ڕووداوە گرنگانە بوون کە جیهانی ڕۆشنبیریی کوردیان هەژاند و بۆ گەڕان بە دوای هۆکارەکانی نسکۆ و شەڕی ناوخۆ, مەسەلەی"کولتووری سیاسی" زەقکرایەوە.
هەرچەندە هیچ کام لەو نووسەرانە ئاماژەیان بە کولتووری سیاسی نەکردووە، بەڵام لە لێکۆڵینەوەکانیاندا باسی کاریگەریی کولتوور کراوە لەسەر شکستەکە و پێیانوایە شکستەکە یا شەڕی ناوخۆ تەنیا پێوەندی نییە بە شکستی یەك حیزب و یەك کەس,بەڵکو ڕیشەیەکی قووڵی

مێژوویی هەیە و پێوەندیی بە کولتووری سیاسییەوە هەیە.
لەو کتێبانەی پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول نووسراون، دەکرێ ئاماژە بکەین بە قوتابخانەی سۆشیالیزمی کوردیی جەمال نەبەز کە لە هەمان کاتدا مانیفستێکی سیاسی بوو. جەمال نەبەز لەو کتێبەدا سەرچاوەی عەقڵییەتی کورد دەگەڕێنێتەوە بۆ هزری زەردەشت و پێیوایە کولتووری کورد، ناسنامە و شوناسی خۆی هەیە و پێویستی بە قەرزکردن لەمولەو نییە. ئەمەش بە شێوەیەك لە شێوەکان خۆی لە کولتووری سیاسی نزیك دەکاتەوە.
ئیمپراتۆریای لم (١٩٩٨) و ناسیۆنالیزم و خێڵ، کولتوور و ناسیۆنالیزم (٢٠٠٨) لە نووسینی دکتۆر ڕەفیق سابیریش خوێندنەوەیەکی نوێیە بۆ سیاسەت و مێژووی سیاسیی هاوچەرخی کورد. ڕەفیق سابیر لەو کتێبانەدا، پاشخانی کۆمەڵایەتی و کولتوور دەکاتە فاکتەری سەرەکی بۆ شیکردنەوە و دەرئەنجامەکانی و پێی وایە کولتووری کورد فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ دۆخی ناڵەباری سیاسی و دامەزرانی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد.

## فاکتەرە کاریگەرەکانی کولتووری سیاسیی کورد

### ١. جوگرافیا

کەشوهەوا، بەرزی و نزمی، سەرما و گەرما، ڕووبار و چیا، بە درێژایی مێژوو، ڕۆڵی گرنگیان لە دیاریکردنی کولتووری سیاسیی کوردستاندا هەبووە. مرۆڤ بەپێی هەڵکەوتە و باری جوگرافیای شوێنی نیشتەجێبوون، شێوازی ژیانی دیاری دەکات. کەواتە جوگرافیا کاریگەریی زۆری هەیە لەسەر کولتوور بە گشتی و کولتووری سیاسیش بە تایبەت. شێوازی ژیانی کوردێکی چیایی جیاوازە لە عەرەبێکی بیابان، ئەمەش دەبێتە هۆی دوو کولتووریی جیاواز. لەسەر ئەو کاریگەرییە دەکرێ ئاماژە بکەین بە زنجیرە گەورە کە بۆتە هۆی دابڕانی بادینان و سۆران و دوو شێوەزاری جیاوازی دروست کردووە .باری جوگرافی یەکێکە لە فاکتەرە گرنگەکانی سەرهەڵدان و چەسپاندنی سیستەمی خێڵایەتی لە کوردستان. چیای بەرز، ڕووبار و کەشوهەوای ناخۆش بوونە هۆی دابڕانی ناوچە جیاوازەکانی کوردستان لە یەکتر و ئەمەش وایکردووە هەستی نیشتمانیی کورد لاواز بێ (محەممەد،١٩٧٣:ل ١٤٣) و کورد بیر لە دامەزراندنی دەوڵەت نەکاتەوە (قەرەداغی،٢٠٠٠: ل ١٧ . ١).
بەگشتی جوگرافیا بۆتە هۆی دروستبوونی کولتوورێکی سیاسیی نایەکگرتوو و پارچەپارچە لە کوردستان کە تا ئێستاش لە هەرێمێکی بچووکی سێ پارێزگاییدا ناتوانێ لە چوارچێوەیەکی یەکگرتوو و یەکپارچەدا خۆی ڕێکبخاتەوە.

### ٢. مێژوو و ڕووداوە سیاسییەکان

هێندێك کەس کاریگەریی مێژوو لەسەر کولتووری سیاسیی کورد دەگەڕێننەوە بۆ سەردەمی میدیا و پێیان وایە کولتووری سیاسیی کورد بەرهەمی ئەم مێژووە درێژخایەنیە (نەبەز، ١٩٨٦ و قادری، ٢٠١٧). د. زەکەریا قادری لە نامەی دکتۆراکەیدا (عقل سیاسی ایران و هویتخواهی کردها) پێی وایە عەقڵی سیاسیی کورد پێچەوانەی عەقڵییەتی سیاسیی ئێرانی کە عەقڵییەتێکی میتافیزیکی و ئاسمانییە، عەقڵییەتێکی دنیایی و زەمینییە و شەرعییەتی سیاسیی لای کورد لەسەر بنەمای گرێبەست بووە نەك شەرعییەتی ئاسمانی و ئایینی (قادری، ٢٠١٧: ل ١٤).
مێژوو یادەوەری هاوبەش لای خەڵك دروست دەکا و شوناسی هاوبەش دێنێتە کایەوە و دەبێتە هۆی جیاکردنەوەی ئێمە لە ئەوان. جەنگی یەکەمی جیهانی و هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریای عوسمانی و دامەزراندنی چەندین دەوڵەتی عەرەبی و لەوانەش عێراق، لەو ڕووداوە مێژووییە گرنگانەن کە کاریگەریان کردۆتە سەر کولتووری سیاسیی کورد و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی کورد. کولتوورێکی سیاسی لە دەرەوەی ئیرادەی خێڵ سەریهەڵدا کە لەلایەن چینی شارنشین و ڕۆشنبیرەوە ڕەنگڕێژ کرابوو.

### ٣. پێکهاتەی کۆمەڵایەتی

پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە، ئەو دامەزراوە جێگیر و بەردەوامانە دەگرێتەوە کە دبنە هۆی کارلێکی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا لەگەڵ یەکتردا. بە واتایەکی تر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی یاسا و ڕێساکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ ڕێك دەخات (Wilterdink and Form,2022)
ڕەفیق سابیر خێڵ و ئایین بە فاکتەری سەرەکی کۆمەڵگای کوردی دادەنێت کە پێکەوە لە پرۆسەیەکی درێژخایەنی مێژوویدا، کیوێکی مەزنی کولتووری سیاسی و شێوە مودیلێکی بەموتڵەقکراوی دەسەڵاتیان داهێناوە کە تا ئێستاش لە ناو کولتوور و عەقڵی سیاسی و ئایدۆلۆجیای دەوڵەتدا وزەی خۆیان پاراستوە (سابیر، ١٩٩٨ : ١٤).
سیستەمی خێڵایەتی لەسەر بنەمای هیرارشی ڕاوەستاوە. لە سیستەمی خێڵەکیدا، تەمەن، ڕەگەز و خوێن سێ توخمی سەرەکین کە هەرسێکیان دەبنە هۆی پێکهێنانی کولتوورێکی سیاسیی ملکەچ و داخراو. بچووك ملکەچی گەورەتر لە خۆیەتی و ژنیش ملکەچی پیاو کە لە دواجاردا دەبێتەی سەرهەڵدانی عەقڵییەتی دیکتاتۆری و خۆسەپاندن.
سریع القلم کولتووری سیاسیی ئێران لە بنەڕەتدا بە کولتوورێکی خێڵەکی دادەنێت و هۆکاری بێمتمانەیی، گەندەڵی و مەراییکردن دەگەڕێنێتەوە بۆ کولتووری سیاسیی خێڵەکی ئێران (سریع القلم، ١٣٧٧ : ٣٤ . ٤٣).

### ٤. شکستی بەردەوامی بزاڤی سیاسیی کورد

شکستی بەردەوامی بزووتنەوە سیاسییەکانی کورد، کولتوورێکی سیاسی بەرهەمهێناوە کە کورد خاوەن پرۆژەی گەورەی سیاسی و نیشتمانی نەبێت. تایبەتمەندیی ئەم کولتوورە سیاسییە بریتییە لە چاوپۆشی و پەردەپۆشکردنی ئامانجی ستراتیجی و نەتەوەیی لەبری خەبات و قوربانیدانی بێهودە بۆ دەسکەوتی لاوەکی و ناستراتیجی. ئەم کولتوورە سیاسییە لە چوارچێوەی حیزب تێناپەڕێ و هۆکارە بۆ ململانێی توندی

حیزبایەتی و شەڕی ناوخۆ.
لەلایەکی دیکەوە بۆتە هۆی سەرهەڵدانی هەستی خۆبەکەمزانینی کورد و متمانەنەکردن بەخۆ.

**٥ . ڕژێمی حوکمڕانی لە عێراق**

ڕژێمە جیاوازەکانی دەسەڵات لە عیراق فاکتەرێکی کاریگەرن لەسەر کولتووری سیاسیی هەرێمی کوردستان. عێراق لە ماوەی یەك سەدە لە تەمەنی سیاسیی خۆی، چەندین ڕژێم و دەسەڵاتی گۆڕیوە. کودەتا، دیکتاتۆری، تیرۆر و شەڕ خەسڵەتی سەرەکیی ئەو ڕژێمە سیاسییانە بووە. هەڵوێست و سیاسەتی ئەم ڕژێمانە بەرامبەر بە کورد کاریگەریی زۆر نێگەتیڤی داناوە لەسەر کولتووریی سیاسیی کورد. بەتایبەت پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵانی (١٩٧٥ . ١٩٩١) توندوتیژی ڕژێمی بەعس بووە هۆی سەرهەڵدانی کلتووری ترس و تۆقین و وەك دژکردەوەیەك بەرامبەر سیاسەتی بەعس، کولتووری سیاسیی شۆرشگێڕانەی کورد سەریهەڵدا کە شۆڕش و خەباتی چەکداری کردە میتۆدی سەرەکیی ڕزگاربوون لەو دۆخە ناهەموارە سیاسییە.
کولتووری سیاسیی شاخ لە دوای ڕاپەڕین گوازرایەوە بۆ شار کە دەرئەنجامەکەی بە شەڕی ناوخۆ و دوو ئیدارەیی کۆتاییهات. کولتووری سیاسیی شۆڕشگێڕانە لە جیاتی دیالۆگ و گرتنەبەری میکانیزمی ئاشتیخوازانەی دەسەڵات، پەنا بۆ چەك و سەپاندنی هێز دەبات. بەشێك لەو توندوتیژییەی ئەمڕۆکەی کۆمەڵگای کوردستان ڕیشەی لەو کولتوورە سیاسییە شۆڕشگێڕانە دایە.

**٦ . ئایین**

ئایین بریتییە لە کۆمەڵە هێمایەك کە هەستی ملکەچبوون یا ڕێزێکی تێکەڵ بە ترس لەناو شوێنکەوتوانیدا دروست دەکات و پێوەندی بەو ڕێوڕەسم و پەرستنانەوە هەیە کە بڕواداران ئەنجامی دەدەن (گیدنز، ١٣٨٨ : ٧٦٨ . ٧٧٠). ئایین بە گشتی لە سەرجەم کۆمەڵگاکاندا، ڕۆڵێکی گرنگی لە ڕەنگرێژکردنی کولتووری سیاسیدا هەیە. بە تایبەت لە کۆمەڵگای کوردیدا کە کۆمەڵگایەکی نەریتییە ئەو ڕۆڵە بەرفراوانتر و کاریگەرترە. ئایین و دامەزراوە ئایینییەکان لە چوارچێوەی پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیبوونی سیاسیی تاکدا دەبنە هۆی بنیاتنانی عەقڵییەتی کۆنەپارێزی و گوێڕایەڵی (Mofidi, 2019:45-65). تا ناەراستی دەیەی ١٩٩٠ و شەڕی ناوخۆ لە کوردستان، بەهۆی باڵادەستی لایەنی نەتەوەیی لە هوشیاری و خەباتی کورددا، دەوری ئایین زۆر زەق نەبوو. هێندێك کەس بزووتنەوەی سیاسیی کورد بەوە تۆمەتبار دەکەن کە لەلایەن شێخ و مەلاوە سەرۆکایەتیی کراوە (قانع، ٢٠١٨: ل ٧٠ . ٦٧). ئەوانیش کولتوورێکی سیاسییان بەرهەمهێناوە لەسەر بنەمای موریدایەتی کە سەرۆك دەکات بە ڕەمز و حەقیقەتی ڕەها لای خەڵك

**٧ . ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و سەرهەڵدانی کولتوورێکی سیاسیی نوێ**

ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ی باشووری کوردستان، گەورەترین کاریگەریی هەبوو لەسەر کولتووری سیاسیی لە کۆمەڵگای کوردیدا. بەرهەمی ڕاپەڕین دامەزرانی سیستەمێکی "نیمچەسەربەخۆ" بوو بە ناوی حکومەتی هەرێمی کوردستان. دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بەرهەمی ڕەنج و خەباتی لەمێژینەی گەلی کورد بوو، کولتووری سیاسیی کوردیی خستە ناو چوارچێوە و فۆرمێکی دیکەوە. ئەو کولتوورە سیاسییەی کە پێشتر لەسەر بنەمای ڕزگاری نەتەوەیی، ناسیۆنالیزم و شۆڕشگێڕی ڕاوەستابوو گۆڕا بۆ پرسی بنیاتنانی سیستەمێکی سیاسیی دیموکراتیك و ڕزگاربوون لە دیکتاتۆری و ژێردەستەیی.

## خەسڵەتەکانی کولتووری سیاسیی پێش ڕاپەڕین

**١ . شۆڕشگێڕی**

خەسڵەتی سەرەکیی کولتووری سیاسیی پێش ڕاپەڕین، شۆڕشگێڕییە و پشتی بەستبوو بە چەك و خەباتی پارتیزانی . دۆخی شۆڕشگێڕی زیاتر لەسەر بنەمای هەست و ئیحساسە تا هوشیاریی سیاسی. لە خەباتی پارتیزانیدا حیزب و سەرۆکی حیزب پیرۆز دەکرێن و دەبن بە"شوناس" بۆ شۆڕشگێڕان. بۆیە پارتیزان لە بەرامبەر هێرش یا ڕەخنە بۆ سەر حیزب و سەرۆکەکەی زۆر هەستیارە و وەك چۆن ئامادەیە بەرامبەر دوژمن بوەستێتەوە، بەرامبەر بە ڕەخنەگران و ناحەزانی حیزب و خەڵکیش دەوەستێتەوە. پارتیزان حیزب و ئایدیۆلۆگیای خۆی دەکات بە حەقیقەتی ڕەها و خۆی و حیزبەکەی بە ڕزگارکەری گەل دادەنێت لە چەوسانەوەی نەتەوەیی و چینایەتی . بەرهەمی ئەم دۆخە، سەرهەڵدانی کولتوورێکی سیاسییە کە بڕوای بە دیالۆگ نییە، چەك بە یەکلاکەرەوەی کێشەکان دادەنێت و خۆی دەکات بە نوێنەری گەل و کەمتر ڕێگا بە ڕەخنە و داواکاری خەڵك دەدات.

**٢ . چەپ و ڕادیکاڵ:**

لەگەڵ دامەزرانی حیزبی شیوعیی عێراق لە ساڵی ١٩٣٤، هەر زوو چالاکی ئەو حیزبە گەیشتە دوورترین شوێنەکانی کوردستان (ئەبوتارا،٢٠٢٠). حیزبی شیوعیی عێراقیش هاوشێوەی سەرجەم شیوعییەکانی جیهان، داوای نەهێشتنی جیاوازیی چینایەتی دەکرد. دروشمی سەرەکیی شیوعییەکان تا ١٩٩١یش هەر یەکگرتنی کرێکارانی جیهان بوو. بەم شێوەیە چینایەتی کرا بە ئامانجی یەکەمی حیزبایەتی. ئەم دروشمە کولتوورێکی سیاسیی کۆسمۆپۆلیتیی دروستکرد لە ناو ڕۆشنبیرانی کورد کە زۆر بەرفراوانتر و گەورەتر بوو لە کولتووری گوند و خێڵ و تەنانەت شاریش.- لە ڕووی پێوەندییشەوە لەگەڵ جیهانێکی گەورەتر تێکەڵبوو.
کاریگەریی چەپ لەسەر کولتووری سیاسیی کورد ئەوەندە زۆر بوو کە لە پێڕەو و پرۆگرامی پارتی دیموکراتدا، تا کۆنگرەی یازدەی ساڵی ١٩٩٣، ئاماژە بە تیۆریی مارکسی-لینینی کراوە بۆ چارەسەری کێشەکان (ژیر، ٢٠٠٦،ل: ٢٥). بەشێك لە کێشەکانی ناو مەکتەبی سیاسیی پارتی لە ١٩٥٨ و دوای گەڕانەوەی بارزانی لە سۆڤیەت لەسەر چەپایەتی و کوردایەتی بوو (ڕەشید، ٢٠١٧ : ١٤٠).

کولتووری سیاسی حیزبە چەپەکان لەسەر بنەمای سەنترالیزمی دیموکراتیك ڕاوەستاوە. واتە بڕیار لە سەرەوەی هەرەمی حیزب دەدرێ و لە خوارەوە دەبێ جێبەجێ بکرێت. حیزب خۆی بە نوێنەری چینی هەژار، جووتیار و کرێکاران دادەنێ، بۆیە ئەو مافە بە خۆی دەدات لایەنی بەرامبەری (سەرمایەدار) لەناوببات. هەڵبژاردن و کۆنگرە لە حیزبە چەپەکاندا شتێکی ڕۆتینە. ڕەخنەگرتن لە هەرەمی حیزب لادانە لە بنەماکانی مارکسیزم -لنینیزم.
بەرهەمی ئەم پێکهاتە و سیستەمی حیزبایەتییە، بنیاتنانی کولتوورێکی سیاسیی سەرەڕۆ و نادیموکراتیکە کە پێش بە گەشەی هزر و سەرخستنی دیموکراسی دەگرێت.

### ٣. ناسیۆنالیزم

هەرچەندە سەرجەم حیزبەکانی پێش ڕاپەڕین کەم و زۆر لە ژێر کاریگەریی هزری مارکسی-لنینیندا بوون، بەڵام کوردایەتی هزریی زاڵی ڕای گشتی بوو. کوردایەتیش ئامانجەکەی دامەزرانی کیانێکی سیاسی بوو لە چوارچێوەی ستراتیجی"دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان" کە تا نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول ساڵی ١٩٧٥ دروشمی سەرەکی بزووتنەوەی سیاسیی کورد بوو. بەرهەمی کوردایەتی بۆ کولتووری سیاسیی کوردستان، پێداگری لەسەر کوردبوون، خەبات و شوناسی نەتەوەیی بوو. حەماسەت، پێشمەرگە، چەك و چیا بەرهەمی ئەم کوردایەتیەن و بوون بە توخمی کارای کولتووری سیاسیی ئەو دەم. ئەم کولتوورە نەوەیەکی سیاسیی شۆڕشگێڕی کۆڵنەدەری پەروەردە کرد کە پەرەی بە ئازایەتی و شانازیی نیشتمانی دەدا و نیشتمانپەروەری ڕەگەزی سەرەکی ئەو کولتوورە سیاسییە بوو.

### ٤. عەلمانی:

کولتووری سیاسیی هەرێم پێش ڕاپەڕین، کولتوورێکی تارادەیەك عەلمانی بوو. الهاشمی هۆکاری ئەو عەلمانییەتە دەگەڕێنێتەوە بۆ پێوەندیی نوخبەی سیاسیی کورد لەگەڵ ڕۆژئاوا و زاڵبوونی هزری ناسیۆنالیزم بەسەر بزووتنەوەی سیاسیی کورددا (الهاشمی، ٢٠١٣ : ١٢٩).
ئاراستە سەرەکییەکانی کولتووری سیاسیی پێش ڕاپەڕین، چەپ و کوردایەتی بوون کە دوای ڕاپەڕین دۆخەکە بە تەواوی گۆڕا و گەڕانەوە بۆ ئایین وەك دیاردەیەکی بەرفراوان سەریهەڵدا (ئیروانی، ٢٠٠٢:ل ١٧٢). شەڕی ناوخۆ، باری ناهەمواری سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری وایکرد ئایین ببێتە پەناگەیەك بۆ خەڵکەکە و حیزبە ناسیۆنالیستەکانی سەردەمی شاخیش ئەو برەوی جارانیان نەما. لە ئەنجامدا ئایین بووە ئەڵتەرناتیڤی ناسیۆنالیزمی کوردی.

## خەسڵەتەکانی کولتووری سیاسیی دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١

ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و دامەزرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە رووی سیاسی و مێژووییەوە، دەسپێکی قۆناغێکی نوێ و سەرهەڵدانی کولتوورێکی سیاسیی نوێ بوو. جوگرافیای حیزبایەتی، لە شاخەوە گۆڕا بۆ شار. سەردەمی پراکتیزەکردنی دروشمەکانی شۆڕش بوو. چاوەڕوانی خەڵك لە رزگاریی نەتەوەییەوە گۆڕا بۆ دابینکردنی ژیان و ئاسایش. بەها پیرۆزەکانی شاخ، کاڵبوونەوە. هەڵبژاردن، حکومەت، پەرلەمان، دیموکراسی، بیروڕای ئازاد، ڕاگەیاندنی ئەهلی، خزمەتگوزاری، بەشداریی سیاسی، ئۆپۆزیسیۆن، خۆپیشاندان و .... هتد لەو چەمکانەن کە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ هاتوونە ناو پانتایی کولتووری سیاسیی کوردەوە.
حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرهەمی یەکەم هەڵبژاردنی ئازادی مێژووی کوردستانە کە لە ڕێکەوتی ١٩ی ئایاری ساڵی ١٩٩٢ بەڕێوەچوو (ڕەئووف، ٢٠١٨: ل ٣٣). بەڵام هەر زوو ئەنجامەکانی هەڵبژاردنە هاوشێوەی زۆربەی وڵاتە نادیموکراتیکەکان، گرژیی تێکەوت و دوای ڕێکەوتنێك لە نێوان دوو حیزبە سەرەکییەکەی کوردستان (پارتی دیموکرات و یەکیەتیی نیشتمانی) مودێلی سیاسیی فیفتی فیفتی ( پەنجا بە پەنجا) لە کوردستان پیادە کرا.
حکومەتی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان بەهۆی شەڕی ناوخۆ (ئایاری ساڵی ١٩٩٤) زۆری نەخایاند و شەڕەکە بووە هۆی هەڵوەشانەوەی حکومەت و سەرهەڵدانی دوو ئیدارەیی. ئیدارەی سلێمانی و ئیدارەی هەولێر کە زیاتر بە زۆنی زەرد و زۆنی سەوز بەناوبانگن. شەڕی ناوخۆ و دوو ئیدارەیی کولتوورێکی نوێی سیاسی بەرهەم هێنا. دەکرێ سەردەمی دوای ڕاپەڕین بەسەر دوو قۆناغدا پۆلین بکەین.قۆناغی یەکەم: قۆناغی شەڕ و برسیەتی (١٩٩١ .٢٠٠٣) و قۆناغی دووەم: قۆناغی بووژانەوەی ئابووری و یەکخستنەوە (٢٠٠٣ .٢٠٢٢)

## قۆناغی یەکەم

تایبەتمەندیی سەرەکیی ئەم قۆناغە، شەڕی ناوخۆ و برسیەتی بوو. شەڕ و برسیەتی خەڵکێکی زۆری ناچارکرد پەریوەی هەندەران بن. بژێوی ژیانی زۆربەی خەڵك یا لەسەر یارمەتی ئەو ڕێکخراوە خێرخوازە بیانیانە ڕاوەستابوو کە هاتبوونە کوردستان یا لەسەر داهاتی دوو حیزبە سەرەکییەکە بوو.
ئەو کۆمەڵگایانەی کێشەی ئابوورییان هەیە کۆمەڵگای ماددیین (Material Society)- خەڵك لەم کۆمەڵگایانەدا، تەنیا بیر لە دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان دەکەنەوە. خەمی سەرەکیی خەڵك بژێوی ژیان و ئاسایشە. کولتووری سیاسیی ئەم کۆمەڵگایانە، کولتوورێکی داخراوی سیاسییە کە بیر لە دیموکراسی و بەشداریی سیاسی ناکاتەوە. ئەو کۆمەڵگایانەش کە لە رووی ئابوورییەوە بەهێزن بە کۆمەڵگای پۆست ماددی (Post Material) بەناوبانگن- کولتووری سیاسیی ئەم کۆمەڵگایانە کەوتوتە قۆناغێکەوە کە پێداویستییە سەرەکییەکانی دابینکراون و بیر لە کوالێتی ژیان و بەهای بەرزتر دەکاتەوە. (Englehart,1977: 4) . لەوانە- لەباربردنی منداڵ، پاراستنی ژینگە، پرسی هاوڕەگەزخوازی، دژایەتیکردنی شەڕ و فرۆشتنی چەك
هەرچەندە ئەو قۆناغە دە ساڵی خایاند، بەڵام کاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر هزر و بیری خەڵك دانا. کولتوورێکی نوێی سیاسی بەرهەمهێنا کە دەکرێ لەم چەند خاڵەدا کورتی بکەینەوە:

١ . بێ متمانەیی و گومان
شەڕی ناوخۆ، دوو ئیدارەیی و ململانێی حیزبی، کولتووری سیاسیی بێمتمانەیی لای خەڵك دروستکرد. ئەو هەستە گەرم و شۆڕشگێڕانەی پێشتر بەرامبەر بە حیزبەکان لە شاخ لە ئارادابوو، جێگەی خۆی دا بە گومان لە سیاسەت و ستراتیجیی حیزبەکان.
٢ . هەڵگەڕانەوە لە کوردایەتی:
شکستی حیزبە سیاسییەکانی شاخ لە سەرخستنی پرۆژەی ناسیۆنالیزمی کورد، هەڵگەڕانەوەی خەڵکی لە کوردایەتی لێکەوتەوە. لە کولتووری سیاسیی ئەو دۆخە نوێیەدا، کوردایەتی و نیشتمان کاڵبوونەوە. دەرئەنجامی ئەو کولتوورە سیاسییە شکستی ناسیۆنالیزمی کوردی بوو، وایکرد ئینتیمای خەڵکەکە بۆ کوردایەتی لاواز بێ. یەکێك لە کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی ئەو هەڵگەڕانەوەیە لە کوردایەتیی، ئەوە بوو کە لە دۆخی شپرزەی عێراق دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس ساڵی ٢٠٠٣، لە جیاتی دامەزرانی دەوڵەت و گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕێنراوەکان، خەڵك ڕوویانکردە هێنان و کڕینی سەیارەی علوج.

٣ . گەشەی ئیسلامی سیاسی
ڕەوشی پڕ لە قەیرانی کوردستان دوای شەڕی ناوخۆ لە ١٩٩٤،هاوکاتبوو لەگەڵ گەشەی ئیسلامی سیاسی لە ناوچەکەدا. لە کوردستانیش بەهۆی شکستی پرۆژەی ناسیۆنالیزمی کوردی و حیزبە ناسیۆنالیستەکان، کەشەکە لەباربوو بۆ گەشەی ئیسلامی سیاسی.
بە ڕاگەیاندنی دەسپێکی چالاکیی سیاسیی ئاشکرای حیزبی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان (١٩٩٤)، فەزای ڕۆشنبیری و کولتووری سیاسیی هەرێم کەوتە ژێر کاریگەریی پرۆژەی "دەعوە"ی ئەم حیزبەوە. هەرچەندە پێشتر بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان لە گۆڕەپانەکەدا بوو و لە یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیشدا بەشداریکرد، بەڵام بەهۆی ئەوەی حیزبێکی چەکداربوو و بۆخۆشی یەکێك بوو لەلایەنەکانی شەڕی ناوخۆ، نەیتوانی وەك پێویست خەڵك بەلای خۆیدا ڕاکێشێ. بەڵام یەکگرتوو، لەڕێی دوو پرۆژەی خێرخوازی و دەعوەوە، توانی هەم خەڵکی ئاسایی و هەم خەڵکی خوێندەواریش ڕابکێشێ.
لە هەڵبژاردنەکانی قوتابیان لە قۆناغی دوو ئیدارەییدا (١٩٩٤ . ٢٠٠٥)، ڕێکخراوی یەکگرتووی قوتابیانی سەر بە یەکگرتوی ئیسلامی نزیکەی ٢٠٪ی دەنگەکانی بەدەستهێنا (غەفوور، ٢٠١٢: ٣٣). یەکگرتوو لە ڕێی پرۆژەی دەعوەوە هەوڵەکانی خۆیی لە قوتابخانە ئامادەییەکان و زانکۆکان چڕ کردەوە و تا ساڵی ٢٠٠٠ توانی هەم کادیری پێویست و هەم جەماوەری پێویست بۆخۆی دەستەبەر بکا.
شکستی پرۆژەی ناسیۆنالیزمی کوردی، کولتوورێکی سیاسیی بەرهەمهێنا کە هێرشی سەرەکیی بۆ سەر عەلمانییەت بوو. ئۆباڵی شکستەکانی کوردایەتی و ناسیۆنالیزمی کوردی خستە ئەستۆی عەلمانییەتەوە؛ ئێستاش لە ڕای گشتیی کوردستاندا، عەلمانییەت یەکسانکراوە بە کفر و دژەئایین.
لایەکیتری پرۆژەی دەعوەی ئیسلامییەکان لە مزگەوت و ئامادەیی و زانکۆکان، بریتیبوو لەهێرشکردنە سەر ڕۆژئاوا . بەشێك لەو پرۆژەیە، دوو حیزبە سەرەکییەی کوردستانی بە بەکرێگیراوی وڵاتانی ڕۆژئاوا دادەنا کە خەریکی بڵاوکردنەوەی ماسۆنییەت، بێڕەوشتی و مەسیحییەتن. بەرهەمی ئەم هزرە، سەرهەڵدانی کولتوورێکی سیاسی بوو لەسەر سڕینەوەی لایەنی بەرامبەر و دوژمنایەتی لەگەڵ توخمە سەرەکییەکانی دیموکراسی وەك ئازادی بیروڕا، تیلۆرانس و ڕێزگرتن.
پێوانەی ئیسلامی سیاسی بۆ خوێندنەوەی دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کۆمەڵگا، گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو. بۆ ئەوان هەموو شتێك لە ڕابردوودا، مەوجودە و ئێستا و داهاتووش بەدەست مرۆڤەوە نییە (ڕەواندزی،٢٠١٠، ٤) و ئەوەش دەبێتە هۆی بەپیرۆزکردنی ڕابردوو و سەرهەڵدانی کولتووری سیاسیی ڕەهاخوازی و کۆنەپارێزی کە دژایەتیی نوێبوونەوە و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و سیاسییە.

## قۆناغی دووهەم

ئەم قۆناغە بە ڕووخانی ڕژێمی بەعس (٢٠٠٣) دەست پێدەکات . دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس بودجەیەکی تایبەت لە فرۆشی نەوتی عێراق بۆ کوردستان تەرخانکرا کە بووە هۆی بووژانەوەی ئابووری و ژیانی خەڵك. دەستی حکومەتەکانی هەولێر و سلێمانی کراوەترکرد بۆ پێشکەشکردنی هێندێك پرۆژەی خزمەتگوزاری.
بەم شێوەیە دۆخی نالەباری ئابووری کۆتاییهات و سیمای شار و گوندەکان گۆڕان؛ خەڵکێکی زۆری گوندەکان هاتنە ناو شارەکانەوە. شارەکان گەورەتر بوون و کردنەوەی مۆڵ و پارك دیاردەی نوێ بوون لەناو شارەکان. مووچەی فەرمانبەران، بە مەدەنی و سەربازییەوە، یەکێك لە فاکتەرە سەرەکییەکانی گۆڕانی شێوازی ژیان بوو لە شارەکان . دوو ئیدارەیی کۆتاییهات و ڕێککەوتنامەی ستراتیجیی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تاڕادەیەك ململانێی حیزبایەتی هێورکردەوە و دوو حیزبەکە لە دوو هەڵبژاردندا بە لیستی هاوبەش بەشدارییانکرد. گەشەی ئابووری و باشتربوونی باری ژیان، بە ڕادەیەك خەڵکی لە بەسترانەوە بە حیزب ڕزگارکرد.
دەکرێ خەسڵەتەکانی کولتووری سیاسیی ئەم قۆناغە، لەم چەند خاڵانەدا کورت بکەینەوە:
١ . بەشداریی سیاسی و هەڵبژاردن: دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، هەڵبژاردن جارێکی دیکە کرایەوە پێوەری سەنگی حیزبەکان و پێکهێنانی حکومەت. تا ئێستا چەندین هەڵبژاردن کراون و حیزبەکانی دەرەوەی دەسەڵات توانیویانە لەڕێی هەڵبژاردنەوە بچنە ناو دەسەڵاتەوە. ڕای گشتیش لەڕێی خۆپیشاندان و دەنگدان بە حیزبەکانی دەرەوەی دەسەڵات، لە ئاستێکی کەمدا توانیویەتی فشار بخاتە سەر دەسەڵات. ساڵی ٢٠٠٩ بە دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕان، چەمکێکی نوێ بەناوی ئۆپۆزیسیۆن سەری هەڵدا کە بەرامبەر بە دەسەڵات، خۆیی بە نوێنەری خەڵك ڕاگەیاند. دوای گۆڕانیش چەند حیزبیتر چوونە بەرەی ئۆپۆزیسیۆنەوە. سەرهەڵدانی دیاردەی ئۆپۆزیسیۆن، ڕۆڵی هەبوو لە بەرزکردنەوەی ڕێژەی بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسیی هەرێمدا.

٢ .كاڵبوونەوەی حیزبایەتی
گۆڕانکارییە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی پاش ساڵی ٢٠٠٣، ڕێککەوتنامەی ستراتیجی نێوان پارتی و یەکیەتی و ڕەخنەی خەڵك لە ئیدارەی هەرێم، بووە هۆی دابەزینی ئینتیمای خەڵك بۆ حیزبە دەسەڵاتدارەکان. لە یەکەم هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان (١٩٩٢)، دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی هەرێم (٨٩٪) دەنگەکانیان مسۆگەر کرد، بەڵام لە هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠١٤)، ئەم ڕێژەیە دابەزی بۆ (٥٥٪). (ڕەئووف،٢٠١٨: ل ٢٤٥)

٣ .گەشەی تاکایەتی (خوودیزم)
بووژانەوەی باری ئابووریی خەڵك و کاڵبوونەوەی حیزبایەتی بۆتە هۆی سەرهەڵدانی بیرۆکەی تاکایەتی(خوودیزم). تاکایەتیش لەسەر بنەمای ئازادی و پاراستنی بەرژەوەندیی تاك ڕاوەستاوە. بە واتایەکی دیکە، تاکایەتی بایەخدانە بە ڕوانگە، هەڵوێست و شێوازی ژیانی دڵخواز لەلایەن تاکەوە کە تاك خۆی بڕیاردەرە نەك کۆ.

٤ .دوورکەوتنە لە سیاسەت
لە نێوان ساڵانی (١٩١٩ . ٢٠٠٣) کۆمەڵگای کوردستان، کۆمەڵگایەکی تەواو سیاسی بووە. بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٣وەوە لە ئەنجامی کۆمەڵێك فاکتەری ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی و لە هەموویان گرنگتر، خوودیزم خەڵك زیاتر بیر لە ژیانی تاکەکەسیی خۆی دەکاتەوە تا تێوەگلان لە سیاسەت. ڕێژەی بەشداریی خەڵك لە دوا هەڵبژاردنەکانی هەرێم لەچاو یەکەم هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩١ و هەڵبژاردنەکانی پاش ساڵی ٢٠٠٣، بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە (ڕەئووف، ٢٠١٨: ٢٤٥).

٥ .بەرزبوونەوەی هوشیاریی سیاسی
کۆی ئەو فاکتەرانەی سەرەوە وایانکردووە ئاستی هوشیاریی سیاسیی کورد لەو قۆناغەدا بەرز بێتەوە.ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی دامەزراوەی (WVS) کە بە سەرپەرشتیی ڕۆناڵدا ئینگلهارت لە عێراقدا کراوە، ئەو بۆچوونە پشتڕاست دەکاتەوە. بۆ نموونە، ٧٢٪ی بەشدارانی ڕاپرسییەکە لە ناو کورد پێیان وایە دیموکراسی سیستەمێکی زۆرباشە، بەڵام ئەم ڕێژەیە لە ناو عەرەبدا، ٥٥٪. یا لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا دەبێ کەسایەتییە ئاینییەکان پۆستی سیاسی وەرگرن، لە ناو کورددا, ڕێژەی ٣٨٪ بەشدارانی ڕاپرسییەکە هاوڕا بوون لەگەڵ ئەم پرسە، بەڵام ئەو ڕێژەیە لەناو عەرەبدا دەگاتە ٦٩٪؛ لە سەر توانای ئایین بۆ چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکان، ٨٤٪ ی بەشدارانی عەرەب هاودەنگن لەگەڵ ئەوەی ئایین توانای چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکانی هەیە، بەڵام ئەو ڕێژەیە لەناو کورددا- ٥٤٪؛ لەسەر گوێڕایەڵیی ژن بۆ پیاو، ٩٢٪ ی بەشدارانی عەرەب، پێیان وایە دەبێ ژن گوێڕایەڵ بێت، لە کاتێکدا ئەم ڕێژەیە لە ناو کورددا- ٧٣٪؛ لەسەر دیموکراسی ئیسلامی ٤٧٪ شیعەی عێراق لەگەڵیدان، بەڵام ئەو ڕێژە لە ناو کورددا- ٢١٪. (حەکیم، ٢٠١١:ل ٢١٨ . ١٥٣).

## ئەنجام

کولتووری سیاسی فاکتەرێکی گرنگە لە داڕشتنی سیاسەت، وستراتیجی سیاسی و لەوانەش گرنگتر، لە دیاریکردنی جۆری سیستەمی سیاسیدا. کولتووری سیاسیش بۆخۆی ڕەنگدانەوەی کۆمەڵێك فاکتەرە. کولتووری سیاسی هەرێمی کوردستان بەرهەمی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، جوگرافیا، ئایین و مێژووی سیاسی پڕهەورازونشێوی نەتەوەی کوردە.
جوگرافیای کوردستان بۆتە هۆی دابڕانی ناوچە جیاوازەکانی کوردستان لە یەکتر. ئەم دابڕانەش بۆتە هۆی سەرهەڵدانی دیاردەی ناوچەگەری لە ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا و ئاستەنگ بووە لەبەردەم دروستبوونی عەقڵییەتی وێناکردنی کوردستانێکی یەکپارچە و یەکگرتوودا. پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی خێڵەکی کوردستان کە لەسەر بنەمای هیرارشی و عورف ڕاوەستاوە، وایکردووە سیستەمی سیاسی هەرێم ئێستاش خاوەن دەستوور و یاسا نەبێت و میکانیزمەکانی بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی دەسەڵات لەسەر بنەمای بڕیار و بەرژەوەندی تاکەکەسی بەڕێوە بچن. لە سیاسەتی کوردستاندا هاوشێوەی خێڵ سەرۆکی حیزبەکان وەك باوك و براگەورە بڕیار دەدەن و خەڵك ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نییە و دەبێ گوێڕایەڵی بڕیاری گەورەکان بن.
مێژوو و ڕووداوە سیاسییەکانی کوردستانیش یەکێکی دیکە لە فاکتەرەکانی کولتووری سیاسیی هەرێمن کە کاریگەرییەکی قووڵیان لەسەر سیاسەت و سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان داناوە. دەرئەنجامەکەشی بڵاوبوونەوەی هزری نادیموکراتیك، پەنابردنە بەر چەك ، بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان و دەمارگرژیی سیاسی و حیزبایەتی بووە. گرنگترین ڕووداوی کاریگەری ناو کولتووری سیاسی کوردستان، ڕاپەڕینی ١٩٩١ بوو کە لە سەرەتادا چاوەڕوان دەکرا هەستی متمانەکردنی تەتەوەیی بۆ کورد بگەڕێنێتەوە، بەڵام شەڕی ناوخۆ و دووئیدارەیی کاریگەرییەکی زۆر نێگەتیڤیان لەسەر سیاسەت و سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان دانا کە تا ئێستاش ئاسەواری هەر نەبڕاوەتەوە.
ئایینیش وەك فاکتەرێکی گرنگی کولتووری سیاسی لە سیاسەت و سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستاندا ڕەنگی داوەتەوە. بەتایبەت دوای ڕاپەڕین و شەڕی ناوخۆ و بەهۆی ئەو بارە ناهەموارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی بەسەر کوردستاندا زاڵ بوو کە هاوکاتیش بوو لەگەڵ گەشەی ئیسلامی سیاسی لە ناو جیهانی ئیسلامدا، بووە هۆی پەرەدان بە گوتارێکی سیاسی لەسەر بنەمای ڕەتکردنەوەی بەها کولتوورییە لیبراڵەکان. وەك ئازادیی تاك، تیلۆرانس و ڕێزدانان بۆ جیاوازیی هزر و بیر. بنیاتی هیرارشی کۆمەڵگای کوردی بۆتە هۆی سەرهەڵدانی کولتووری سیاسی ملکەچبوون و گوێڕایەڵی.
بەگشتی دەکرێ بڵێین کولتووری سیسای هەرێمی کوردستان کە زادەی ئەو ئەو کۆمەڵە فاکتەرانەیە کولتوورێکی سیایی نادیموکراتیکە و زیاتر پشت بە عورف و عادەت دەبەستێ تا یاسا و دامەزراوە ڕەسمییەکانی هەرێم.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## لیستی سەرچاوەکان بە زمانی کوردی

١)بایەزیدی، مەلامەحمود (٢٠١٥) عادات و رسووماتنامەی اکرادیە (داب و نەریتی کورد)، وەرگێڕانی لە رووسیەوە، پ.د. شوکریە ڕەسوڵ ئیبراهیم، چاپخانەی پەنجەرە، چاپی دووەم، تاران
٢)حەکیم، موراد (٢٠١١)، ڕەوشی بەهاکان لە عێراق لە ژێر ڕۆشنایی تیۆری ڕۆناڵد ئینگڵهارت، نامەی دکتۆرا، بەشی کۆمەڵناسی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر
٣)ڕەشید، سەڵاح (٢٠١٧)، دیداری تەمەن، مام جەلال لە لاوێتییەوە بۆ کۆشکی کۆماری، بەشی یەکەم، چاپخانەی کارۆ.
٥)ڕەواندزی، ئیسماعیل ئیبراهیم، دەربارەی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان (٢٠١٠)، http://www.pukmedia.com/peshhat/peshhat.htm.
٦)ژیر، کامیل (٢٠٠٦)، کوردایەتی بیر و بزاڤە، چاپخانەی بابان، سلێمانی
٧)سابیر، ڕەفیق (١٩٩٨)، ئیمپراتۆریای لم، سوید لە بڵاوکراوەکانی ڕابوون.
٨)سندی، بەدرخان (٢٠٠٨)، کۆمەڵگای کوردەواری لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسیدا، وەرگێڕانی د. ئیسماعیل ئیبراهیم، دەزگای موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆك.
٩)عەبدوڵلا، نەجاتی (٢٠٠٨)، مەم و زین، چاپی یەکەم، دەزگاری ئاراس، هەولێر
١٠)غەفوور، عومەر عەلی (٢٠١٢)، زستان و بەهاری ئیسلامی سیاسی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و وولاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر
١١)قانیع، مەریوان وریا (٢٠١٨)، دەسەڵات و جیاوازی، چاپی سێهەم، ناوەندی ئەندێشە، چاپخانەی تاران
١٢)قەرەداغی، عەتا (٢٠٠٠)، کۆمەڵگای کوردی و پەرەسەندنی ناسروشتی، بڵاوکردنەوەی لەلایەن نووسەر.
١٣)محەممەد، مەسعود (١٩٧٣)، مرۆڤ و دەوروبەر، بڵاوکردنەوەی https://bradost.com
١٤)میران، ڕەشاد (٢٠١٠)، چەند بابەتێکی ئیتنۆ.کۆمەڵایەتی، بەرگی یەکەم، دەزگاری موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆك
١٥)نەبەز، جەمال (٢٠٠١)، هێندێك لە کێشە بنەڕەتییەکانی قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم، بڵاوکراوەی ڕۆژنامەی میدیا" ژمارەی (٢٠)، چاپی دووهەم، هەولێر.
١٦)ئەبوتارا (٢٠٢٠)، بەشێك لە مێژووی حیزبی شیوعی، بەرنامەی ڕووداو و مێژوو، کەناڵی https://nrttv.com .,nrt
١٧)ئێروانی، موسلیح (٢٠٠٢)، ئایین و ناسیۆنالیزم، ڕۆڵ و کاریگەری و پەیوەندی نێوانیان لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ لە هەرێمی کوردستان، لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری.مەیدانییە لە سۆسیۆلۆژیای ئایین، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر

## لیستی سەرچاوەکان بە ئینگلیزی

1) Almond,G.A and Verba, S,(1989),Civic Culture: Attitudes and Democracy in Five Nations, Princeton University Press.
2) Inglehart, R &Welzel, C (2003), Political Culture and Democracy: Analyzing Cross – Level Linkages, Comparative Politics,.36(1).
3) Inglehart, R (1977), the Silent Revolution, Changing Values and Political Styles among Western Publics, by Princeton University Press.
4) Khedir, Hiwa Haji (2020), Social Capital, Civic Engagement and Democratization in Kurdistan, Palgrave Macmillan.
5) Mofidi, Sabah (2019), Religion and Political Culture in Eastern Kurdistan , Soran University, Center for Middle Eastern Research, Journal of Middle Eastern Research 2.
6) Wilterdink, N. and Form, . William (2022, August 16). social structure. Encyclopedia Britannica. https://www.britannica.com/topic/social-structure

## لیستی سەرچاوەکان بە زمانی فارسی

١)ازغندی، علیرضا (١٣٨٥)، درآمدی بر جامعه شناسی ایران، تهران، نشر قومس.
٢)بال، آلن.ر و پیترز، ب. گای (١٣٨٤)، سیاست و حکومت جدید، ترجمه عبدالرحمن عالم، تهران، نشر قومس
٣)بدلیسی، شرفخان (١٣٧٧)، شرفنامه تاریخ مفصل کردستان به اهتمام ولادیمیر ولییامینوف زرنوف، انتشارات اساطیر، چاپ اول. تهران
٤)پای، لوسین (١٣٧٠)، فرهنگ سیاسی و توسعه سیاسی، ترجمه مجید محمدی، نامه فرهنگ، شماره ٥ و ٦.
٥)تنسی، استفان دی (١٣٧٩)، مبانی علم سیاست، ترجمه علیرچا ملك محمدی، تهران، نشر دادگستر
٦)رفیع، حسین، فرهنگ سیاسی (١٣٩٧)، یك بررسی مفهومی و نظری، فصلنامه سیاست، سال پنجم، شماره هفدهم.
٧)زکریا (هێرش)، قادری (٢٠١٧)، عقل سیاسی ایرانی و هویتخواهی کردها، چاپ سوم، انتشار از سوی نویسنده.
٨)سریع القلم، محمود (١٣٧٧)، مبانی فرهنگ عشیرەای ایران، اطلاعات سیاسی و اقتصادی، شماره ١٣٥ و ١٣٦.
٩)قیصری، نورالله (١٣٨٨)، نخبگان و تحول فرهنگ سیاسی در ایران دوره قاجاریه، تهران مرکز اسناد انقلاب اسلامی.
١٠)گیدنز، آنتونی (١٣٨٨)، جامعەشناسی با همکاری کارن بردسال با تجدید نظر کامل و روزآمدشده، ترجمه حسن چاوشیان، تهران، نشر نی.